سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری بەشداری لەپرسەی 4 کارمەندە تیرۆرکراوەکەی کەنالی ئەلشەرقیە دەکات

ڕاگەیاندنی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم: بەمەبەستی گەیاندنی پرسەو سەرەخۆشی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 2008/9/15 بەڕێز فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەیاوەری ژمارەیەک لەبەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی سەرۆکایەتی بەشداریکرد لەپرسەی ئەو چوارکارمەندی کەنالی ئاسمانی تەلەفزیۆنی (الشرقیە)کەلەلایەن گرووپێکی چەکدار لەشاری موسڵ شەهیدکرابوون.

ئەمەو لەبەشداریکردنەکەدا سەرۆکی دیوان پرسەو سەرەخۆشی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی گەیاندە کەسوکاری قوربانییەکان وکارمەندانی کەنالی ئاسمانی (الشرقیە).

جێگەی ئاماژە پێکردنە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم کردەوە تیرۆریستیە بەدەست دریژیکردن بۆ سەر ئازادی بیروڕا گەیاندنی پەیامی ڕاستی دادەنێت.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو عومەر شەمەیی

سڵاوی خواتان لێبێت.. بەداخەوە مەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناو شاری سلێمانی خوالێخۆشبوو عومەر شەمەیی-مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لەخانەوادە بەڕێزەکەتان و گشت خزم و دۆستانتان دەکەین. خوای گەورە بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات وسەبوریش بەگشت لایەکتان ببەخشێ.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سەرۆک

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی شەهیدی ڕێگای زانست دکتور نازمی جوانە مەرگ سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی سەرجەم کەسایەتیەکان و خەڵکی بەشەرەفی شاری هەولێر و کۆیە و گشت شارەکانی تر دەکەین، هەروەها سوپاسی یەکەیەکەی ئەم بەڕێزانە دەکەین کە بەشداریان لە پرسەی ماتەمینی شەهید کردووە و داواکارین لەخودای گەورە کە پاداشتیان بداتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز نوێنەری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق، پارێزگاری هەولێر، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری تەندروستی، وەزیری داد، سەرۆک و ڕاگەڕکان و قوتابیانی هەردوو زانکۆی کۆیە و سەڵاحەدین، لیژنەسراوی لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەرپرسی مەڵبەندی کۆیەی ی.ن.ک، بەڕێزان گشت دامودەزگا حزبی و حکومیەکان، هەروەها سوپاسی ئەم ڕێکخراوانەی دەڕەوە دەکەین کە پرسەی ماتەمینیان لای خۆیان داناوە، مەڵبەندی دەڕەوە و کەسایەتیەکانی کورد لە سوریا و جالیەی کورد و پەیوەندیەکان دەڕەوە لە وڵاتی فەڕەنسا و کۆمەڵەی کوردی لە کریستیان ساد لەوڵاتی سوید.

انا لله وانا الیه راجعون

بنەماڵەی شەهید د.نازم حسەن سالح

هەولێر.. یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا

وەزیری پەروەردە جەخت لەسەر دروشمی خوێندن بۆ هەموان دەکاتەوە

دلێر ئیبراهیم- فاتیح:

لەمەراسیمێکی شایستەدا لە قوتابخانەی هەتاوی بنەڕەتی لە هەولێر، دوێنێ د.دڵشاد عەبدوڵڕەحمان وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و، چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی و، ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت، زەنگی کردنەوەی یەکەم ڕۆژی خوێندنگە و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان لێدرا. سەرەتیا مەراسیمەکە بەهەڵکردنی ئاڵای کوردستان و، مارشی نەی ڕەقیب لە گۆڕەپانی قوتابخانەی هەتاوی بنەڕەتی لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، دەستی پێکرد. وەزیری پەروەردە لە وتەیەکدا وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم قوتابیان و مامۆستایان و پەروەردەکاران و کەسوکاری خوێندنکاران، هیوای خواست ساڵی نوێی خوێندن، ببێتە سەرەتای بزاڤێکی ڕۆشنبیری تازەی گەلەکەمان و، هەنگاونان و کارکردن لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی نوێی خوێندن کە دروشمی خوێندن بۆ هەمووانی بەرزکردۆتەوە لە ڕوانگەی سیستمی نوێی خوێندنەوە لەهەرێمی کوردستاندا. د.دڵشاد عەبدوڵڕەحمان ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، هیوا و ئامانجی وەزارەتی پەروەردەیە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ لە دەردی نەخوێندەواری ڕزگاربن و، پەیامنگەی کۆمپیوتەر و پەروەردەی وەرزشی لەسەر تاسەری هەرێمی کوردستاندا. پاشان شێخ عەفان نەقشبەندی سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەوتەیەکدا ئاماژەی بۆ ڕۆڵی مامۆستایان کرد لە پێشخستنی کۆمەڵ و، بەشداری چالاکانەی مامۆستایانی لە خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی شارەکانی کوردستان دژ بە ماددەی 24 هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەرزنرخاند کە بووە هۆی شەهیدبوونی 9 مامۆستا لە شاری کەرکووک لەگەڵ بڕیندارببوونی چەندین مامۆستای تر. شێخ عەفان ئاماژەی بۆ هەوڵ و کۆششەکانی یەکێتی مامۆستایان کرد بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و، بەشداری گەڕاندنەوەی دەرمالەی مامۆستایان، کە بەگوێرەی شوێنی جوگرافی و سالەکانی خزمەت سەرف دەکرێت.دواتر سروێک لە لایەن تیپی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر پێشکەشکرا، دواتر بەڕێزان وەزیری پەروەردە و پارێزگاری هەولێر و چەند بەرپرسێکی حزبی و حکومی و جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون.

بەڵەکایەتی.. زیانلێکەوتووانی لافاوەکە قەرەبوو دەکرێنەوە

تەیفور گوندەژۆری- هاوار-بەختیار قادر-ن.چۆمان بەمەبەستی بەهانەوەچوونی لێقەوماوان و زیان بەرکەوتوانی لافاوەکەی دەڤەری بەڵەکایەتی،مانگی سۆری نێو دەوڵەتی و بەڕێوەبەرایەتی دەرکراو ڕاگوێزراوانی سەر بە وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کۆمەک و هاوکاری گەیاندە ناوچەکە کە بریتی بوون لە پێداویستی ناوماڵ و خۆراک و خێمە بۆ 90 خێزانی زیان بەرکەوتووی دەڤەرەکە دابین کرد، لەمبارەیەوە عەبدولواحید گوانی قایمقامی قەزای چۆمان بەخەباتی ڕاگەیاند: دوای ئەو شەپۆلە بارانەیە کە بۆ سێیەمین ساڵ لە لەسەریەک دەڤەری بەڵەکایەتی دەگرێتەوە کە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لافاوی لێدەکەوێتەوە، بەمەش زیانی گیانی و ماڵی بەر دانیشتوانی ناوچەکە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی کوردستان دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەو زیانانەش خۆشبەختانە لەلایەن دەزگا خێرخوازەکان هاوکارییەکی سەرەتاییان گەیندرایە، هەروەها حکوومەتی هەرێمیش سەرقاڵی چاککردنەوەی جۆگە ئاوێرێیەکان و ڕێگا بان و پرۆژە و کارۆئاوێدەکانە، چەندین کارێشی ئەنجام داوە لە چاککردنەوەی پرد و ڕێگا سەرەکیەکان.

ڕێپێوانی سوارچاکی بۆ سەر مەزاری نەمران

دوێنێ لەیادی شۆڕشی ئەیلوولدا ناوەندی سوارچاکی کوردستان بەهاوکاری بەشی ڕاگەیاندنی لێژنەی ناوچەی بنەسڵاوە هەڵسا بەڕێککستنی ڕێپوانێک بۆسەر مەزاری نەمران بۆ **6** سوارچاک بەچاودێری لیژنەی ناوچەی. بنەسڵاوەی سەر بەلقی**16**ی پارتی بەسەرپەرشتی مامۆستا خالید ڕەشید سەرۆکی یانەی سوارچاکی، شایەنی باسە ڕێپێوانەکە لەبەردەم ناوچەی بنەسڵاوەی پارتی دوای بەخشینی مەدالیای بازرانی نەمر بەسوارچاکان لەلایەن غازی گۆران بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوە بەڕێخران بۆسەر مەزاری نەمران، لەبەر ڕێخستنەکەدا چەند بەرپرسێکی حزبی و حکومی و جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون.

ئێوارەخوانێک بۆ چاکسازی ژنان و منداڵان سازکرا

خەبات/ فاتیح بەرزنجی: دوێنێ نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بەیاوەری تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی و قایمقامی هەولێر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دیکەی حکومی ئێوارە خوانێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر سازکرا، لەبەسەرکردنەوەیەکدا پارێزگاری هەولێر بەشەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی بەسەرکردە و بەڵێنی پێدان کە هاوکاری و هەماهەنگی تەواویان بکات بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان.

ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندنەوە

هاوڵاتیان بەگشتی و بیسەرانی ڕادیۆی نەورۆز بەتایبەتی ئاگادار دەکەینەوە کەلەڕێبنار باشترکردن و پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕادیۆی نەورۆز بڕیارماندا پەخشی ڕادیۆی نەورۆز لە **2008/9/15** وە تاکو **2008/10/15** بوەستێت چونکە پڕۆسەی پێداچوونەوەی گۆڕانکاری لەپڕۆگرام و کاتەکان و توانای پەخشی ڕادیۆکە پێویستی بەم پشووە بچووکە هەیە. ئەم بڕیارە لەبەرواری ئامادە پێکراوی سەرەوەدا جێبەجێدەکرێت.

پارێزگاری هەولێر بەندیخانەی هەولێر بەسەر دەکاتەوە

ئێوارەی دوێنێ نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بەیاوەری تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگار و نیهاد لەتیف قۆجە قائمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، ئێوارە خوانێکیان بۆ بەندکراوەکان لەبەندیخانەی ناوەندی هەولێر سازکرد. هەر لەوبەسەرکردنەوەیەدا پارێزگاری هەولێر بەڵێنیدا یارێگایەکی وەرزشی بۆ بەندکراوەکان دروستبکرێت، دواتر لەلایەن تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگاری هەولێر بڕیاردرا کەلوپەلی وەرزشی بۆ بەندکراوەکان دابینبکرێت. لەلایەن خۆیانەوە بەرپرسانی بەندیخانەی ناوەندی هەولێر سوپاسی پارێزگاری هەولێریان کرد.

لیژنەی ناوچەی یەکی فەرمانبەران یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پیرۆز دەکات

بەچاودێری لقی 2و بەئامادەبوونی مەلا مەدین کارگێڕی لقی2 بەرپرسی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لق و ئاری فاروق چایچی بەرپرسی ناوچەو کارگێڕان و هەڤاڵان و فەرمانبەران و جەماوەرێکی زۆر پێشانگای تایبەت بەوێنە فۆتۆگرافیەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول ڕۆڵی سەرکردەی ڕوحی بازرانی نەمر کرایەوە، کەلەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی لیژنەی ناوچە ئامادەکرابوو، مەلا هەندرین لەووتەیەکدا باسی لەڕۆڵی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و ڕۆڵ و خەبات و بەرخودان و گرینگی لەڕووی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلولی میللەتی کورد و ڕۆڵی سەرکردەی نەمر بارزانی و کرد لەڕابەرایەتیکردنی شۆڕش پیرۆزبایی کرد لەگەلی کورد و پێشمەرگەکانی ئەیلول و هەر لەهەمان کات فلیمێکی دۆکۆمێنتی سینەمایی نمایشکرا کەتیادا سەرجەم داستان و نەبەردیەکانی ئەم شۆڕشە مەزنەبوو کەسەرجەم وێنەو گفتوگۆو باسکردنی گرینگیەکانی پێشمەرگەو شۆڕش و بەرخودان، لەقۆناغە جیاکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول گرتبوویە خۆی نمایشکرا بۆ ئامادەبووان.

ئێوارە کۆڕێک لە یادی شۆڕشی ئەیلوول دا

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لیژنە ناوچەی ئاڵا لە یادی 47مین ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئێوارە کۆڕێکی جەماوەری بۆ محەمەد مینا کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ئاڵا بە ئامادەبوونی بەرپرسی شانە سەرەکییەکانی گشت ڕێکخراوەکانی سنووری لیژنەی ناوچەی ئاڵا لە ژێر نارنیشانی چۆنیەتی خۆ پێگەیاندنی کادیر سازکرد.

پێشانگایەکی وێنەی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول

بەچاودێری و بەئامادەبوونی بەرپرسی لقی2، لیژنەی ناوچەی قەڵات لەیادی **47** ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن هەڵسا بەسازدانی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ شەهیدانی سنوری لیژنەی ناوچە لەگەڵەری میدیا بەئامادەبوونی هەڤاڵ جەلال پۆزبجەیی بەرپرسی دەزگای ئەیلول-هەولێر و هەڤاڵان کارگێڕانی لق و ئەیوب گەڵاڵی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و هەڤاڵ ڕەحمان بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان و بەرپرسی لیژنە ناوچەکان و چەندین بەرپرسی تری حزبی و حکومی و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان.

کۆمپانیایەکی ئەمەریکی کارەبای دهۆک بەتۆڕی کارەبای هەولێر دەبەستێتەوە

بەمەبەستی بەستنەوەی کارەبای دهۆک بەتۆڕی کارەبای نیشتمانی کوردستانەوە، هۆشیار سیوەیلی وەزیری کارەبا گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای(symbion) ئەمەریکی مۆرکرد، ئەو پرۆژەیە کەبە **39.9** ملیار دینار لەماوەی **14** مانگدا تەواودەبێت، بەپەکێک لەو پرۆژە گرنگانەی سێکتەری گواستنەوەی کارەبا دادەنرێت، کەسەرجەم پارێزگاکانی کوردستان بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، پرۆژەکەش دووبەشی سەرەکی لەخۆدەگرێت، یەکەمیان ڕاکێشان و دامەزرانی هێلێکی پالەپەستۆی بەرز بەدرێژایی **60** کیلۆمەتر کەلەماوەی **9** مانگ تەواودەبێت، دووەمیان فراوانکردنی وێستگەیەکی ناوەندی کەلەماوەی **14** مانگ تەواوبێت. پێشتر کارەبای دهۆک تاکو **2003** لە لەشاری موسڵەوە ڕێگای تۆڕی کارەبای نیشتمانی ئێراقەوە کارەبای وەردەگرت، لەبەڕووای **2003/9/16**ەوە تاکو ئەمڕۆش شاری دهۆک کارەبای بۆ دابینکراوە، لەڕێگای تۆڕی پالەپەستۆی بەرزی **kv154**ەوە لەسەرهێڵی کارەبای تورکیا-زاخۆ-دهۆک.

وۆرکشۆپێک بۆ بەشداریکردنی گەنج لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی سیاسیدا

خەبات- فریاد: بەمەبەستی بەشداریکردنی تۆڕی لاوان لە پرۆسەی سیاسی، ڕێکخراوی تواناسازی لاوان و ڕێکخراوی مەسەلە بەهاوکاری پەیمانگای دیموکراتی نیشتمانی ئەمەریکی لە هوتێلی چوارچرا لە شاری هەولێر وۆرکشۆپێک ڕێکدەخەن، وۆرکشتۆپەکە ماوەی شەش مانگ دەخایەنێت و 120 لاوی تەمەن 18 تا 30 ساڵان بەشداری تێدادەکەن. عەبوڵلا خالید سەرپەشتیاری پرۆژەکە بە خەباتی ڕاگەیاند: لاوانی بەشداربوو لەسەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و قوتابی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئامانجیش بەشداریکردنی پتری گەنجە لە کاری سیاسی.

سلێمانی.. لیژنەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕ لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێکدەهێندرێ

خەبات- بەختیار مەلا ئەحمەد-سلێمانی: لیژنەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی باری کۆمەڵایەتی ناو بازاڕەکانی شاری سلێمانی پێکهێنراو چەند بڕیارێکی کردە سەرەتای کارکردنی، لەوبارەیەوە زانا محەمەد سالح قائمقام و بەهاوکاری هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتن کارەکانیان ڕاپەڕێنن و ئەرکی ڕێککستنەوەی بازاڕ لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەئەستۆدەگرن، قائمقامی سلێمانی ئەوەشی ڕاگەیاند: دەستپێکی کارەکانی چەند بڕیارێکی دەرکردووە لەوانە دەستدرێژی کردنەسەر ئافرەتان لەناوبازاڕەدا، هەروەها فرۆشیارانی تەقەمەنی و سیدی سێکسی و ئەوانەی سوالدەکەن، هەرکەسێک بەیەکێک لەم حاڵەتانە تۆمەتبارببێت، ئەوا ماوەی پێنج ڕۆژ زیندانی دەکرێت، دوای ئازادکردنیشی بەکەفالەت گەر دووبارەی کردەوە دەدرێتە دادگا سزای یاسایی بەسەردا دەسەپێنرێت.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەماهەنگی دەکەن

بەمەبەستی هەماهەنگی و هاکاری کردنی نێوان هەردوو وەزارەت، عەبدولعەزیز تەیب وەزیری کشتوکاڵ پێشوازی لە تەحسین قادر وەزیری سەرچاوەکانی ئاو کرد. لە دیدارێکدا پڕۆژە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا تاوتوکرا، هاوکات جەخت کرایە سەر زیاتر ماهەنگی کران بۆ سوود و بەرژەوەندی جووتیارانی کوردستان بە تایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەسالی کە ئەم ساڵ هەرێمی کوردستانی گرتەوە. لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە پڕۆژەکانی بەنداو و کۆمەڵگە ئاوییەکان کرا کە یارمەتیدەرین بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جووتیاران لە بواری ئاو داندا.

تۆ کە ئێستا لە سایەی ئازادیی کوردستاندا کار دەکەی هەقە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشانت لە بیر بێت